ئاهورا له نێوان خواوەند و مرۆڤدا له شیعری "مەدەد ئاهورا مەدەد"دا

عەتا قەرەداخی
(سلێمانی)

(٢ - ٢)

ئاهورا چیرۆکی خۆی و مرۆڤ دەگێڕێتەوە، پێوەندییەکانی خۆی و مرۆڤ و سروشت باس دەکات، لە هەموو بارێکیشدا پەنجەی خراپەکاری و هۆکاری گوناح و ناشیرینییەکان دەخاتە ئەستۆی مرۆڤ، ئێستا پرسیار ئەوەیە ئایا بەڕاستی مرۆڤ ئەوەندە تاوانبارە کە هۆکاری هەموو کارەساتەکان بێت؟ پرسیارێکی تر ئەوەیە ئەگەر مرۆڤ ئەم خراپەکارەیە لەسەر زەمین، ئەی ڕۆڵی خودا چییە؟ ئەی ئاهورا وەک خودای ئایینی زەردەشتی چ دەسەلاتێکی هەیەو چی بەرانبەر مرۆڤ پێ دەکرێت، یان چی بۆ مرۆڤ دەکات؟ ئایا مرۆڤ ئەو یاخیبووەیە کە تاوانی کوشتنی خودای کردبێت و چیتر گوێ لە خودایش نەگرێت؟ یان مەسەلەکە ئەوەیە کە مرۆڤ هێزێکە لە دەرەوەی هەموو کۆنترۆڵ کردنێکە، یان مرۆڤ خولقێنراوەو ئازادی ڕەهای پێ دراوە، چی دەکات و چی ناکات هیچ هێزێک ڕێگری لێ ناکات؟

قسەکەری شیعرەکە لەسەر زمانی ئاهوراوە دەیگێڕێتەوە:

ئاهورا دەیگوت لەو ڕۆژەی من و تۆ لە یەکتری لە بۆسەداین،
کتێبی حیکمەت داخراو حەکیمەکان چوونەوە ئاسمان،
مرۆڤ ئێستاکێ بێ حیکمەت بەسەر زەویدا دەسووڕێتەوە،
کتێبی عەزاب دەنووسێتەوە،

من ئاهورام یا سالوکێکی دارستان؟

ئاهورا باسی پێوەندی خۆی و مرۆڤ دەکات کە پێوەندییەکی چەند خراپ بووەو هەریەکەیان لە هەوڵی پیلانگێڕیدا بووە دژی ئەوی تریان. ئەم پێوەندییە خراپەش بووەتە هۆی ئەوەی مرۆڤ هەموو حیکمەتێک بدۆڕێنێت. ئایا مرۆڤ بەبێ حیکمەت چییەو چی دەکات؟ ئەو وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوەو پێمان دەڵێت کە مرۆڤ بەبێ حیکمەت بەسەر زەویدا دەسووڕێتەوەو کتێبی عەزاب دەنووسێتەوە، حیکمەت بەرهەمی حەکیمەکانە، بەڵام حەکیمەکان لە ئەنجامی ناکۆکی مرۆڤ و ئاهورا زەوی بەجێ دەهێڵن و دەچنەوە بۆ ئاسمان، ئایا حەکیمەکان کێن و چین کە دەچنەوە بۆ ئاسمان؟ ئایا ئاهورا ئەگەر خواوەندە بۆچی لەگەڵ مرۆڤدا لە ناکۆکی و لە بۆسەدان بۆ یەکتری؟ ئێستا بەپێی ئەوەی کە حەکیمەکان دەچنەوە بۆ ئاسمان و ئاهورا لەگەڵ مرۆڤدا لە زەوی دەمێنێتەوە، مانای ئەوەیە پێگەی ئاهورا لە پێگەی حەکیمەکان نزمترە، ئەگەر مرۆڤ پەیڕەوی حیکمەتی حەکیمان بکەن، ئەوە بە ڕێکی بەسەر زەویدا دەسووڕێنەوە، کەواتە ئاشکرا دەبێت حیکمەت ئەو پەیڕەو، یان بەرنامە دروستەیە کە ئەگەر مرۆڤ بەپێی ئەو بڕوات و بجوولێت، ئەوە بە ڕێکی و بەبێ کێشە ژیان بەڕێ دەکات و ئاسوودە دەبێت و لە کۆی کێشەو تووندوتیژی و کوشتن و بڕین و سووربوونی چنگی

کەریم دەشتی

بەخۆیەنی ئەوانی تر بە دوور دەبێت، بەپێچەوانەشەوە کە ئێستا حەکیمەکان چوونەتەوە بۆ ئاسمان، مرۆڤ بێ بەرنامە ماوەتەوە و سەری لێ شێواوە و بەسەر زەویدا دەسوڕێتەوە و کتێبی عەزاب دەنووسێتەوە کە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، یان خۆی لە عەزابدایە، یان عەزابی ئەوانی تر دەدات، لە پشتی کۆی ئەم لێکدانەوانەوە ئەو دەلالەتە بەرهەم دێت کە مرۆڤ بۆ ئەوەی وەک مرۆڤ بژی و ژیان بەرێ بکات، پێویستی بە بەرنامەیەکی دروست و گونجاوە، بە پێی بۆچوونی ئاهورا ئەو بەرنامەیەش کە ئەو بە حیکمەتی حەکیمان ناوی دەبات لە لایەن ئەوانەوە دادەنرێت کە ئەو بە حەکیم ناویان دەبات و ئێستا لە ئاسمانن، ئەمەش هەمان ئەو بۆچوونەیە کە ئایینە ئاسمانییەکان لە یەکەم ئایینەوە تا دوایەمینیان کە ئیسلامە، بانگەشەیان بۆ کردووەو ئەویش بریتییە لە پەیامی خودا کە لە ئاسمانەوە دەنێردرێت بۆ سەر زەوی، یان دێتە خوارەوە تا ڕێنوێنی مرۆڤ بکات بەرەو کاری دروست و چاکە و خێر و خوداپەرستی، بەڵام دیسان ئەو پرسیارە سەرهەڵدەداتەوە: ئایا شوناسی ئاهورا لەم بارەی ئێستا و لە جوگرافیای دەقەکەدا چییە؟

دەشێ لە چوارچێوەی دەقەکەدا و لە ڕێگای گێڕانەوەی پێوەندییەکانی ئاهورا بە مرۆڤەوە، هەروەها لە ڕێگای جووڵە و هەڵوێست و دەربڕینەکانی ئاهورا خۆیەوە، شوناسی ئەو بە جۆرێک ئاشکراتر بێت و تەنیا هەر ئاهورا نەبێت وەک خودای خێر و چاکە لە ئایینی زەردەشتیدا، بەڵکو هێز و کەسێتی و بۆچوونی تریش بنوێنێت، لە بنیادی دەقەکەدا و لە باسی ئاهورادا چەند دووانەیەک دروست دەبێت وەک (خەمبار/ دڵخۆش، وشک/ تەڕ، مردن / ژیان، گۆرانی/ گریان،...). کاتێ ئاهورا دڵخۆشی بەجێ دەهێڵێت و خەمبار دەبێت، گەڵای وشک دەخاتە سەر لەپی دەستی و لە مردن بەئاگادێتەوە. ئەو کە خەمبار دەبێت، تارمایی مردن دەبینێت، یان بە پێچەوانەوە کە بیر لە مردن دەکاتەوە، یان تارمایی مردن دەبینێت خەمبار دەبێت، ئەو کاتە گۆرانی ژیان دەچڕێت و بە گەڵای تەڕ کە ئەویش هێمای ژیان و زیندوویەتییە دڵنەوایی خۆی دەداتەوە. لێرەدا ئەوە ئاشکرا دەبێت، ئەو کەسێتییەی بەناوی ئاهوراوە وەسف دەکرێت، کەسێکی ئاساییە کە خەمبار دەبێت و لەمردن دەترسێت و بۆ دوورکەوتنەوە لەمردن بەگەڵای تەڕ دڵنەوایی خۆی دەکات و گۆرانی ژیان دەڵێت وەک لە ڕوو وەستانی بەرانبەر مردن، یان خۆبەدەستەوە نەدان، کەواتە ئەم کەسێتییە هەمان کەسێتی مرۆڤی ئاسایی هەیەو دەسەڵاتیشی هەمان دەسەڵاتی مرۆڤە نەک خودا، ئەمەش ئەو خۆناساندنەی ئاهورا پاساودەداتەوە کە لە سەرەتای شیعرەکەدا دەڵێت: (من خودایەکم نە کەسم بۆ دروست دەکرێت و/ نە دەستم بەسەر کەسێ دەشکێ.).

ئەم شیعرە مرۆڤایەتی، یان کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بە تەمتومان وەسف دەکات، ئەو فەزایەی کە تەمتومان دروستی دەکات فەزایەکە ناسینەوە تێیدا ئاسان نییە، چونکە سیمای شتەکان وەک خۆیان و وەک ئەوەی هەن نابینرێن، قسەکەری شیعرەکە باسی ئاهورا دەکات و دەڵێت:

ئاهورا لە نێو تەمتومانی مرۆڤدا
نە باکووری دەزانێ نە باشووری،
نە پەی بە خۆرهەڵات دەبرد نە بەخۆر ئاوا،
ئەو هەمیشە دەیگوت
ئەوەی چارەنووسی مەبەست بێ دەبێ لە تەمتومان بژی

ئاهورا لە نێو مرۆڤەکاندایە، ئاشکرایە مرۆڤایەتیش جۆرێکە لە ئاڵۆزی و پشێوی و نادیاری، بە تایبەتی ئەگەر سەیری ئەوە بکرێت مرۆڤ لەم گەردوونەدا لە چ کێشەو ململانێیەکی ئاڵۆزدایە لەگەڵ یەکتری، بەجۆرێک کە چارەنووس ئاشکرا نییە، ئاڵۆزییەکان بەجۆرێکن کە نەک هەر ئاسۆ ڕوون نییە، بەڵکو دیاریکردنی ئاراستەکانیش کارێکی ئەستەمە، تەنانەت ئاهوراش لە

نێو ئەو ئالۆزی و تەمتومانەدا توانایی دیاریکردنی هیچ ئاراستەیەکی نییە، ئەمەش ئەو دەلالەتە بەرهەم دەهێنێت کە مرۆڤ لە شوێنی خۆیدا دەخولێتەوە و ناتوانێت لە مەداری دیاریکراوی خۆی دەربچێت، هەر لێرەوە گومان لەسەر ئاسۆی ئایندە ئاشکرا دەبێت و ئاهورا خۆیشی بانگەشەی ئەوە دەکات چارەنووس نادیارە، ئەگەر مرۆڤ چارەنووسی دەوێت باشتر وایە لە ناو تەمتوماندا بژی، چونکە ئاسۆی ئایندە ناڕوونە و هەرچۆن لە تەمتوماندا هیچ نابینرێت لە ژیانی ئاسایی مرۆڤیشدا ئایندە ونە و نابینرێت، ئێستا ئەوەی ئاهورا بانگەشەی بۆ دەکات، ئایا جۆرێکە لە ڕەشبینی، یان ڕاستییەکەی ئەوە گەوهەری بوونی ژیان و مرۆڤە لە گەردوونداکە بوونی ئەو بێجگە لە ژیان لە تەمتوماندا هیچی تر نییە و هیچ ئاسۆیەکیش بۆ ئایندە بوونی نییە مادەم مرۆڤ لەبەردەم چارەنووسێکی نادیاردایە و سەرئەنجامەکەشی کۆتاییەکی بێ ئومێدکەرە؟

ئاهورا لە نێو تەمتوماندا بوو، بەڵام تەمتومانی مرۆڤ، لەگەڵ ئەوەدا ئەو پێیوابوو، ئەو کەسەی چارەنووسی مەبەست بێت، دەبێ لە نێو تەمتومان بێت، ئەم تێڕوانینە وادەکات ئاهورا دابەزێتە ناو تەمتومان، کاتێک دادەبەزێتە ناو تەمتومان جۆرێک لە نەهاتی و قاتوقڕی و وشکی و وێرانبوون دەبینێت. ئەوەتا دەڵێت:

کە دابەزیمە ناو تەمتومان
ئەستێرەکان بە ئاستەم دیار بوون،
ڕووبارەکان وشک بووبوون،
درەختەکان شکان و ڕێگاکان کوێربوونەوە،
چی بکەم بگەڕێمەوە جاری جارانم، یان بوەستم؟
گەڕانەوە مردنە، وەستانیش مردنێکی دی،
خۆم هەڵبژاردو شووشەی تەمتومانم شکاند،
لەو بەرەوە خۆر تازە گزنگی دەدا.

کاتێ ئاهورا ئەو دیمەنە دزێوەی بەرچاو دەکەوێت، بە تایبەتی کاتێ دەبینێت ڕێگاکان کوێربوونەتەوە، ئیتر ئەو تێدادەمێنێت، واتە دەکەوێتە باڕێکی پڕ لە نیگەرانییەوە و ناتوانێت بڕیار بدات، واتە نازانێت ئایا بگەڕێتەوە، یان لە شوێنی خۆیدا بوەستێت، بێ گومان ئەو بە جۆرێک دڵنیایە کە ناتوانێت هەنگاو بەرەو پێشەوە بنێت، بەڵام ئەو تێگەیشتنێکی بۆ ئەو بارودۆخە هەیە و دەزانێت گەڕانەوە، یان وەستان هەردووکیان وەک یەکن و هەردووکیشیان هەر مردنن، ئێستا پرسیار ئەوەیە ئایا ئاهورا بە ئاسانی خۆی بداتە دەستی مردنەوە، یان بڕیارێکی تر بدات؟ بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە، ئایا بۆچی ئاهورا کەوتووەتە بارودۆخێکی لەو جۆرەوە؟ ئایا ئەوەی قسە دەکات ئاهورایە بە تەنیا، یان هەموو مرۆڤایەتییە کە لەبەردەم بڕیاردانداڕاماوە و نازانێت چی بکات؟ یان ئەوە قسەکەری شیعرەکەیە و ئاهورا وەک دەمامک بەکارهاتووە بۆ ئەوەی قسەکەری شیعرەکە کە دەشێ شاعیر خۆی بێت، لە ژێر دەمامکی ئاهوراوە بۆچوون و دیدی خۆی بۆ ژیان دەربڕێت؟ بەڵێ ئەوەی قسە دەکات ئاهورایە و تەمتومانی مرۆڤ، یان مرۆڤایەتی وای لێ کردووە بگاتە ئەو بارودۆخە ناهەمواوە.

لێرەوە دەشێ بگوترێت ئاهورا هەرکام لەوانە بێت کە باسمان کردن، مەبەستەکە هەمان شتە، دیارە لێرەدا بە ئاشکرا ئاهورا خاسێتی خواوەندی لە دەست داوەو هەڵسوکەوت و ڕەفتار و تواناییەکانی هەمووی هی مرۆڤی ئاسایین، ئایا لەم خاڵە شلۆقەدا ئەو چ بڕیارێک دەدات؟ ئایا ئەو تواناییەی هەیە کە کارێکی ئەوتۆ بکات ببێتە ڕووداوێکی گۆڕان بەرهەمهێن و ئاراستەی جوواڵە بگۆڕێت و تەمتومانی مرۆڤ بشکێنێت و ڕێگا کوێربووەکان بکاتەوە و ڕۆیشتن بەرەو ئایندە لە ئەگەری گەڕانەوە، یان وەستان ڕزگاری بکات کە ئەوەش بۆ ئاهورا دەربازبوونە لە مردن؟

لێرەدا ئاهورا بڕیارێکی تر دەدات کە کۆتایی بە تەمتومانی مرۆڤ دەهێنێت و ئاسۆ دەستەبەر دەکات، ئەویش لە ڕێگای شکاندنی شووشەی تەمتومانەوە، کاتێ شووشەی تەمتومان دەشکێنێت خۆر گزنگ دەدات، دەرکەوتنی گزنگی خۆر مانای دەست پێکردنی قۆناغێکی نوێ و دەست پێکردنەوەی ئەو ڕێگایانەیە کوێربووبوونەوە، نەک گەڕانەوە بەرەو دواوە، یان وەستان لە هەمان شوێندا کە ئەوانەش مانای مردن هەڵدەگرن، ئێستا جوواڵە دەست پێ دەکات، جوواڵەیەک کە بە ئاراستەی ئایندەیە، ئەمەش بەجێهێشتنی ئەو کاتانەی پێشترە کە تێیاندا ئاهورا لە نێو تەمتومانی مرۆڤدا هەموو شتێکی ون کردبوو، واتە لێرەدا ئەوە بەرهەم دێت کە جەمسەری یەکەمی ئەم دووانە دژانە (وەستان/ جوواڵە، مردن/ ژیانەوە) دەپووکێنەوەو جەمسەری دووەم کە بریتییە لە (ژیان و جوواڵە) بالآدەست دەبن، ئەویش بە کاریگەری ئەو بڕیارەی ئاهورا دەیدات کە بریتییە لە شکاندنی شووشەی تەمتومانی مرۆڤ، لێرەدا تەمتومان دەڵالەتی وشکی و قاتی و نەهاتی و ونبوون بەرهەم

دەهێنێت، شکاندنی تەمتومان، واتە دابڕان لەو قۆناغەو گـواسـتنەوە بۆ قـۆناغـێکی تر کـە قـۆناغی ژیان و زیندوویەتییە کە ئەویش بە گزنگی خۆر و بارانی بەخورِ هێما دەکرێت.

ئاهورا وەسفی ئەو بارودۆخە دەکات کە خاکی تێدایە و ئەوە نـیـشـان دەدات کـە خـاک ئامـێـزی خـۆی بـۆ باران کـردووەتەوە، ئەمـەش ئەوە دەگـەیەنێت کـە خـاک زۆر تـینووی بارانە. ئاهورا ئامـۆژگـاری باران دەکـات کـە بەلێزمە بەسەر خاکدا دانەبارێت، چونکە مەترسی ئەوەی هەیە خاک لە خۆشیدا ڕوحی دەربچێت. لێرەدا لێکچوون لە نێوان خاک و مرۆڤدا دروست دەبێت. ئەوەی پەرۆش و تینووە بۆ باران مـرۆڤ، یان ڕوحی مـرۆڤـە، کـە دیارە تینووی ئەوینە و کـاتێ ئەوین وەک باران بەسـەر ڕوحدا دەبارێت ئەگەری ئەوەی هەیە ڕوح بگاتە ئەو ئاستەی کە پێی دەگـوترێت شاگەشکە بوون، واتە لە خۆشـیـدا ڕوح دەربچێت. ئاهورا دەڵێت:

ئەی باران لە مێژە خاک لە چاوەڕوانیتا ئامێزی خۆی کردۆتەوە،
بەلەز هەڵمەکە ناو ڕوحی، نەوەکا لە خۆشیا بمرێ.

ئێستا ئاهورا خۆی لە تەمتومانی مرۆڤ دەربازکردووە و لە مردن ڕزگاری بووە و لەبەردەم باراندا ڕادەوەستێت و ئامـۆژگـاری بارانیش دەکـات کـە چۆن ببـارێت، پێـشـتـر ئاهورا گـوتی ئەو خـودایەک نـیـیـە کـەسی بۆ دروست بکرێت، دیارە ئەو خـۆی دەناسێت و دەزانێت دەسـەڵاتی ئەفراندنی نییە، بۆیە ئەرکێکی تر لە ئەستۆ دەگرێت کە ئەویش ئامـۆژگـاریکردنە. لێـرەشـەوە هاوتابوونێک لە نێوان هەڵوێست و شێوەی کارکردنی ئاهورا و پەرەنسیپی ئایینی زەردەشـتـیـدا هەیە، هەرچۆن پەرەنسـیـپی ئایینەکە بریتییە لە ڕێنومایی و ئامۆژگاری، ئێستا ئاهوراش وەک خـواوەندی خـێـر و چاکـە لەو ئایینەدا ئامـۆژگـاری و ڕێنومـایی دەکـات، بەڵام ئایا ئێـسـتـا ئەو پێگەیەی کە لێیەوە ئاهورا ئامۆژگاری باران دەکات، یان داوا لە باران دەکـات هێـمن ببـارێت، پێگەی مـرۆییـە، یان پێگەی خودایی؟ ئەمـەش بەڕەو ئەو پرسـیـارەمـان دەبات: ئایا ئاهورا خواوەندە، یان مرۆڤە؟

شاعیر دەڵێت:

ئەوانەی دەوری ئاهورا دەدەن هەرگیز نازانن بپرسن،
بۆچی زمانیان لاڵ دەبێ و دڵیان دادەخورێ،
لە پای چییە نوور لە چاوانیان هەڵدەچێ،
بەڵام کە ئاهورا ون دەبێ،
دەزانن بۆ دەستیان شل دەبێ و ئاگری دڵیان خامۆش،
بۆچی خوێنیان ئاوا بە سستی دەسووڕێ،
ئەوان نازانن ئاهورا وەهم و ئەندێشەی نوورێکە و بەس.

لەم کـۆپلەیەدا دیمەنێک بەرجـەسـتـە دەبێت، ئەویش ئەوەیە کـە ئاهورا لە شـوێنێکدایە و کـەسـانێک دەوریان داوە، ئەو کەسـانە دەترسن و ناتوانن بدوێن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا نـازانـن بۆچی وایان لێ دێت، نوور لە چاویان هەڵدەچێ، بەڵام هۆکـاری ئەوەش نـازانـن، کـۆی ئەم دیمەنەش ئەوە نیـشـان دەدات کـە ئەو کـەسـانەی دەوری ئاهورا دەدەن، کـەسـانی نەزان و لاوازن لە بەردەمی ئاهورادا و پێ دەچێت لەبەر گـەورەیی و بەهێـزی و سیحری کەسێتی ئاهورا بەو جۆرە ترسابن و گەیشتبنە بارێک کـە نەتوانن بدوێن، ئەوان نوور لە چاوانیـان هەڵدەچێ، ئایا ئەوە نووری چیـیـە؟ ئایا ئەو نوورە پێوەندی بە ئاهوراوە هەیە؟ بێ گومـان پێوەندییەک لە نێوان نووری هەڵچووی چاوی ئەو کەسانەو ئەو نوور و ڕووناکـیـیـەدا هەیە کـە بنەمـا و گـەوهەری ئایینی زەردەشـتـیـیـەو سـەرچاوەی چاکـە و خـێـر و بنیـادنان و ئەفـراندنە، تەنانەت ئاهورا خـۆیشی بریتـیـیـە لە نوور، نوورێک کـە هۆکـاری زمـانگیـران و دڵ داخـورپان و هەڵچـووونی ڕووناکی و بزیسکەدانە لە چاوانی ئەو کـەسانەی دەوری ئاهورایان داوە، بەڵام کە نووری ئاهورا ون دەبێت، ئەو کەسـانە تێ دەگەن بۆچی دەسـتـیـان شل دەبێت و ئاگری ناخیان خامۆش دەبێ و خوێنیان سست دەبێ، ئەم دیمەنە ئەو مـانایە بەرهەم دەهێنێت کە ئاهورا سەرباری ئەوەی لە نێو تەمتومانی مرۆڤدا بوو، بەڵام ئەو مرۆڤ نییە، هەروەک پێشتریش خۆی گوتی ئەو خودایەک نییە بتوانێت کەس دروست بکات، کەواتە ئاهورا چییە؟ ئێـسـتـا شـوناسی ئاهورا ئاشکراتر دەبێت کـە ئەویش بریتـیـیـە لە وەهم و ئەندێشەی نوورێک، بەڵام کام نوور یان چ جۆرە نوورێک؟ ئایا نووری ئیمانە، یان نوورێکە بۆ ڕۆشنکردنەوەی تاریکیـیـەکـانی ناخی مـرۆڤ، یان نوورێکە کـە تاریکی و نادیار و نائاشکراکـانی ژیان ڕووناک بکاتەوە؟ دیسـان وەڵامی ئەم پرسـیـارانەش هێشتا ڕوون نین و پێویستیان بە نووری زیاترە بۆ ئەوەی ئاشکراتر بن، بەڵام ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە کـە ئاهورا خۆی پێکهـاتەیەکە لە نوور، ئەویش نوورێک کە دەست پێی ناگـات، لێـرەوە بەشێک لە خاسـیـەتی خـودایانەی ئاهورا نیشان دەدرێت، بەڵام کێشەکە ئەوەیە مرۆڤەکان نـازانـن ئاهورا وەهم و ئەندێشـەی نووەرە، ئەمـەش لە

ئاستێکی قوواڵتردا ئەو دەاڵەتە هەڵدەگرێت کە لەبەر ئەو تێنەگەیشتنە لە شوناسی ڕاستەقینەی ئاهورا، مرۆڤەکان ناتوانن وەک خـواوەند سـەیری ئەو بکەن، یان دروست بڵێین بە خواوەندی نازانن.

دیسان شاعیر دەڵێت:

بەناو کێڵگەکاندا کە تازە لە سەرەتای بەهار،
گوڵەگەنم قسەیان لەگەڵ ئاسمان دەکرد،
ئاهورا وەستا و گوتی ئەوانە چەند بەپەلە سەردەردێنن،
نازانن پەلەی مـەرگی خـۆیان دەکـەن لەژێر داسی دەسـتی مرۆڤ،
چەند گوناهن گوڵە گەنمە جوانەکان توخوا پەلە مەکەن،
دەمەوێ بۆ ئەبەد لە ناو چاوم بن.

گێڕەرەوەی شیعرەکە لە وەسفێکی جواندا دێمەنی بەهار و وێنەیەک بەرجـەسـتـە دەکـات کـە ڕاوەسـتـانـی گـوڵەگـەنمەکـانە بۆ قـسـەکـردن لەگـەڵ ئاسـمـاندا، لێـرەدا سەرباری ئەوەی شێوەی گەشەکردن لە سروشتی بەهاردا بۆ ڕەگەزەکانی ناو سروشت نیشان دەدرێت، دیسان شوێن و پێگەی گوڵە گەنم و بەرزی ئەو پێگەیە نیشان دەدرێت کە لە ئاستێکدایە گوڵەگەنم قسە لەگەڵ ئاسماندا بکات، لێـرەوە بـایەخ و گـرنگی و گـەورەیی گـوڵەگـەنمەکـان دەردەکەوێت کە چۆن لەگەڵ ئاسمان، یان ئاشکراتر لەگەڵ پایەی خـوداییـدا دەدوێن، کـە ئەوە ئاشکرایە بە پێی ئەفسـانەی ئایین خـودا لە ڕێگای فـریشـتـەکـانیـیـەوە ئاخاوتنی لەگەڵ پێغەمـبـەرانیش کردووە، تەنیـا هەندێ باری نائاسایی نەبێت، بۆ نموونە کە مووسا سەرکەوتووە بۆ ئەوەی دەنگی بگاتە پایەیی بەرزی خـوداوەند، بەاڵم لێـرەدا گـوڵەگـەنمەکـان لەگـەڵ خـواوەند دەدوێن، کـەواتە ئێستا پایەی گوڵەگەنمەکان لە ئاستێکی هێجگار بەرزی چاوەڕوان نەکـراودایە، لە ڕوانگەی ئێـمـەی خـوێنەری دەقەکەوە، لێرەدا لە ڕێگای لێکچواندنی گوڵەگەنمەکانەوە بە مرۆڤ، بەاڵم مرۆڤی ئاسایی نا، بەڵکو لێکچواندن بە مووسا پێغەمبەر هەم پایەو پێگەی گوڵەگەنمەکان بەرز دەکـاتـەوە، هەم بەجـۆرێک بـە مـرۆڤکردنی شت، یان بەرزکردنەوەی شت بۆ پێگەی مرۆڤی باڵا هەیە کە ئەویش پێگەی پێغەمبەر مووسایە.

ئاهورا کـاتێ ئەو دیمەنە دەبینێت کە گوڵەگەنمەکان بەو جـۆرە گـەشـەدەکـەن و بەرزدەبنەوە، بیـر لە داهاتوویەکی دوورتر بۆ ئەوان دەکـاتـەوە، ئەویش ئەو داهاتوویەیە کـە بۆیان دەبێـتـە کـۆتایی، ئاشکرایە هەمـوو ڕەگـەزە زیندووەکـانی سروشت بە مرۆیی و نامرۆییەوە لە یەکەم خـانەوە، یان لەسـەرەتاییـتـرین بارەوە گـەشـە دەکـەن تا دەگەنە ئاستی پێگەیشتن و پیربوون و مردن، بە ڕوانینی ئاهورا ئەو بەخێرایی گەشەکردنە لە بنەڕەتدا پەلەکردنە بۆ گەیشتن بە خاڵی کۆتایی، ئەوەش لە دەرەوەی توانایی و دەسـەاڵتی تـوخم و ڕەگـەزەکـانی سـروشـتـە، بەڵکو ئەوە پێـوەندی بەو هێـز و یاسـایانەوە هەیە کـە گـەردوون ڕێک دەخـەن و بەڕێوەی دەبـەن، ئەمـە بێـجگە لە پێکهـاتەی بنیـادی تـوخم و ڕەگـەزەکـانیش خـۆیان کـە ڕۆڵ و کاریگەرییان لەسەر شێوەی جوواڵە و گەشە و پێگەیشتن هەیە تا دەگەنە قۆناغی لە ناوچوون، ئێستا بە بۆچوونی ئاهورا گـەشـەی خـێـرای گـوڵەگـەنمەکـان مـانای زووتر نزیکبوونەوەیان لە مردن، ئاهورا لەم هەڵوێستەشدا وەک مـرۆڤ سەیری ئەو یاسا سروشـتـیـانە دەکـات و بەچاوی خـودایانە، یان لە پێگەی خـوداوە سـەیریان ناکـات، تەنانەت زۆر بێ دەسەاڵت خۆی لە بەرانبەر ئەو جووڵە و گـواسـتـنەوانەدا نیـشـان دەدات، ئەو وادەردەکـەوێت بەجۆرێک ئاوات بخوازێت کە گوڵەگەنمەکان بەو شێوەیە زوو پێ نەگـــەن، بەڵکو بـۆ ئەبەد لەنـاو چاوی ئەودا بمێننەوە، بەاڵم دیارە یاساکانی سروشت وەک ئەوەی هەن و ڕێکخـراون دەڕۆن، نە مـرۆڤ و نە پێـغـەمـبـەران و نە خودایەکی وەک ئاهوراش ناتوانێت هیچیان لێ بگۆڕێت، بەاڵم ئاهورا ئامـاژە بۆ ئەوە دەکـات ئەوەی کـۆتاییـیـەکـان دەنووسـێـتـەوە مـرۆڤـە، هەرچەندە کـۆتایی خـۆیشی دەنووسرێتەوە، ئەمەش دیسان ئەو بۆچوونە بەرجەستە دەکـاتەوە کـە مـرۆڤ جـێنشـینی خـودایە لەسـەر زەوی و بەجـۆرێکیش ئامـادەبوونی هەیە کـە گـۆڕانکاری لە زۆر شـتـدا بکات لەم گـەردوونەدا و ئەو گـۆڕانکاریـیـانەش لە پێناوی خـۆیدا دەکـات، بۆیە ژیانی مـــرۆڤ ئەگـــەر تەمـتـومـانیش بێت، بەاڵم جـۆرێک لە هەوڵی هەیە بۆ گۆڕینی چارەنووس کە مەبەست لەوەش دەستکاریکردنی یاساکانی سروشتە کە دەشێ هەوڵ و کۆششی مرۆڤ بۆ گۆڕینی ئەو یاسایانەو دانانی جۆرێکی تر لە یاسا بێت.

شاعیر دەڵێت:

لێرەوەیە دەست پێدەکەی لە هەمان ئێرەوەشە کۆتاییت دێ،
تۆ دەبێ لەسەر ئاو بنووسی بۆ ئەوەی نەمر بیت،
ئاهورا دەیگوت ئێمە نووسراوی سەر ئاوین ئاو،
ئاویش وەسـتـانی بۆ نـیـیـەو حـەرفـێکمـان دەباتەوە نیشتیمانێ،
نهێنییەکانیشمان دەدا بە خۆر.

دەربڕینی شیعرەکە ئاراستەی کەسێک دەکرێت کە ئەو کەسە لە پێگەی گوێگر، یان کەسی دووەمدایە، لە چوارچێوەی دەقەکە و شێوەی دواندنی گێڕەرەوەی شیعرەکەدا وادەردەکەوێت ئەو کەسەی دەدوێنرێت مرۆڤ بێت بەگشتی، هەر لەو چوارچێوەیەدا گێڕەرەوە، یان قسەکەر ئاهورایە، ئەوی قسەکەر شوێنێک دیاری دەکات و ڕایدەگەیەنێت هەموو شتێک لەوێوە دەست پێ دەکات و هەر لەوێشدا کۆتایی دێت. ئەوەی دەست پێ دەکات چییە، کە هەر لەوێشدا کۆتایی دێت؟ دەشێ لە ئاستی نەبینراودا ئەوەی ئەو باسی دەکات ژیان بێت، لەم ڕوانگەیەشەوە ئەوە دەردەکەوێت کە مادەم دوای لە دایکبوون، مردن هەیەو هەردووکیشیان لە شوێندا ڕوودەدەن و لەسەر ئاستی تاکەکەسیش ژیان تەنیا ئەوەیە کە هەیەو مادەم بە مردن کۆتایی دێت، مانای وایە هیچ بەهایەکی نییە، بە تایبەتی کاتێ کەسێک دەمرێت وەک ئەوە وایە بوونی نەبووبێت، بە تایبەتیش ئەگەر مرۆڤ وەک تاکەکەس شتێکی ئەوتۆی لە دوای خۆی بەجێ نەهێشتبێت. لێرەدا مەسەلەی نەمریی دێتە ئاراوەو تاکە شتێک کە بەهایەک بە بوونی مرۆڤ بدات ئەوەیە کە نەمرێت، بەڵام دیسان ئەو پرسیارەش سەرهەڵدەدات چۆن و بە چ شێوەیەک مرۆڤ نەمر دەبێت؟ بێ گومان نەمربوونیش باڕێکی دەگمەنە و تەنیا تاکەکەسە دەگمەنەکان ئەوە بەدەست دەهێنن. ئاهورا پێیوایە مرۆڤ بۆ ئەوەی نەمر بێت، دەبێ لەسەر ئاو بنووسێت. ئایا هیچ پێوەندییەک لە نێوان ئاو و نەمریدا هەیە؟

لە ئەفسانەی کۆنی یابانی و کۆری و میسۆپۆتامیادا بە شێوەیەکی بەرچاو باسی ئاوی نەمری، یان ئاوی ژیان کراوە. مەبەست لە ئاوی نەمری، بوونی بەربەستێکە لەبەردەم مردندا و درێژکردنەوەی ژیانە بۆ هەتا هەتایی، تەنانەت لە کولتووری کوردی و ئیسلامیشدا ئاوی حەیات شتێکی بیستراوە و لە شیعری کوردیشدا باسی هاتووەو مەحوی و مەولەوی و هێمن زیاتر لەوانی تر باسیان کردووە، کاتێ باسی ئاوی حەیات دێتە ئاراوە لە بەرانبەردا خواست و ویستێکی زۆر بۆ ژیانی دوورودرێژ، یان هەتاهەتایی دەردەکەوێت، لێرەداو لەم دەقەی (کەریم دەشتی)دا باسی ئاوی حەیات نەکراوە، بەڵکو ئاو بە گشتی بەکارهێنراوەو داوای ئەوە لە مرۆڤ دەکرێت کە لەسەر ئاو بنووسێت بۆ ئەوەی نەمرێت، ئاهوراش باسی ئەوە دەکات کە ئێمە نووسراوی سەر ئاوین. سەرەتا ئەوەی لێرەدا جێگای لەسەر ڕاوەستانە، ڕاناوی کەسی یەکەمی کۆیە واتە "ئێمە"، کەواتە ئاهورا بە ناوی ئێمەی مرۆڤ و خۆیەوە دەدوێت و دەخوازێت کە نەمر بین، هەروەک پێشتریش بە مرۆڤ دەڵێت بۆ ئەوەی نەمری بەدەست بهێنیت، دەبێ لەسەر ئاو بنووسیت، هەرچەندە ئەوەی لە ئەفسانەی ئاوی حەیاتدا هاتووە ئەوەیە کە مرۆڤ بۆ ئەوەی نەمر بێت، دەبێ ئاوی حەیات بخواتەوە نەک لەسەر ئاو بنووسێت.

لێرەدا مرۆڤ وەک نووسراوی سەر ئاو دەناسێنرێت، نەک لێکچووواندنی پێ بکرێت، لە ڕووی ڕاستییەوە وێنەی سەر ئاو وێنەیەکە دەشێ لە زیهندا جێگایەکی هەبێت و ئاسەوار و کاریگەرییەکیش بەجێ بهێڵێت، بەڵام ئایا لە ڕووی ڕاستییەوە چی لەسەر ئاو دەنووسرێت و تا چەند دەمێنێتەوە؟ ئایا لە ڕووی مادییەوە نووسراوی سەر ئاو چەندێ دەمێنێتەوە، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەگەر ئێمە نووسراوی سەر ئاو بین، ئەوە سەرباری گۆڕانکاری لە سیما و ڕووکەش و دیمەنماندا، بەڵام هەروەک بەشێک لە ئاو دەمێنینەوە، ئاو یەکێکە لە توخمە سەرەکییەکانی سروشت و بە پێی ئەفسانەی پێکهاتنی گەردوونیش ئاو یەکێکە لە توخمە سەرەکییەکانی پێکهێنەری گەردوون کە ئەوانیش خۆڵ و با و ئاگر و ئاون و ئەم توخمانەش هەتاهەتایین. لێرەوە ئێمەش وەک نووسراوی سەر ئەو توخمە نەمرە بە نەمری دەمێنینەوە، سەرباری ئەوەش ئاو لە گەردووندا هەرچەندە بە پێی وەرزەکان و پلەی گەرما و بەپێی شوێن سێ دۆخی هەیە کە ئەوانیش دۆخی شلی و ڕەقی و گازین، بەڵام وەک ڕەگەزێک لە گەردووندا هەمیشەییە و جێگیریشە لە ڕووی بڕەوە، ئەمەش خاسیەتی سەرەکی نەمرییە، کاتێ ئێمە دەبینە نووسراوی سەر ئەم ڕەگەزە نەمرە، ئەوە ئێمەش لەگەڵ ئەودا نەمری بەدەست دەهێنین، ئاو هەر حەرفێکی ئێمە دەباتە شوێنێک، ئەمەش ڕێگایەکە بۆ ئەوەی ئێمە دەسەڵات بەسەر گەردووندا بکەین، ئاو نهێنییەکانی مرۆڤ دەدات بەخۆر، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ئاو لە گۆڕینی دۆخەکەیدا، بە تایبەتی لە گۆڕینیدا بۆ دۆخی گازی، یان هەڵمی نهێنییەکی تێدا نامێنێتەوە، واتە نهێنییەکانی مرۆڤ ئاشکرا دەبن.

ئێستا ئەم پرسیارە سەرهەڵدەدات: ئایا ئاهورا لە کوێیە؟ ئەو ماڵ و زێدێکی هەیە، یان هەموو شوێنێک ماڵی ئەوە؟ ئەگەر ماڵی هەیە، دەبێ ئەو ماڵە لەچی دروست کرابێت؟ هاوشێوەی ماڵی مرۆڤە، یان ماڵی ئەو لە ئاسمانە، یان ماڵێکی خوداییە کە وەسف ناکرێت؟ لە

دەقەکەدا هاتووە:

مالّی ئاهورا لە قوڕەو سەربانیشی لە گلّی سوور
دیوارەکانی لە خشتی بخوور..
ئاهورا هەمیشە دەیگوت دلّی هەموومان لە قوڕە،
ئەڤین لەناو شووشە ناڕێ لەناو قوڕی دلّمان نەبێ.

مالّی ئاهورا وەک مالّی هەر مرۆڤێکی تری لای ئێمە لە خشت و قوڕ و گلّی سوور دروست کراوە و قوڕەکەشی بە کا گیراوەتەوە و کاتێ خۆر بەر ئەو کایە دەکەوێت بریسکە دەداتەوە، لێرەدا جارێکی تر وەسفکردنی مالّی ئاهورا نیشانی دەدات ئەو ئاهورایەی کە ئەم دەقە شیعرییەی کەریم دەشتی لەو و لە مرۆڤ دەدوێت، ئەویش لەبری ئەوەی خواوەند بێت مرۆڤە، چونکە خودا جێگا و شوێن و هیچ شتێکی مرۆڤانەی نییە، بە تایبەتی کە ئەو تەنیا ڕوح، یان وەهم و ئەندێشە و ڕووناکی بێت، لەوەش زیاتر ئاهورا دلّی هەیە و وەک هەر مرۆڤێکی تر باسی ئەڤین دەکات، ئەگەر لێرەشەوە پەیوەست بە چوار توخمە سەرەکییە پێکهێنەرەکەی گەردوون سەیر بکەین، ئەوە قوڕ، یان خۆڵ بریتییە لە جەستە و دلّیش وەک بەشێک لە جەستە لە ڕووی پێکهاتنەوە لە هەمان توخم پێک دێت، ئاو بریتییە لە ڕوح و با بریتییە لە هەناسە و ئاگریش گەرمی و زیندوێتی و ئەڤینە، گەرمی ئەو ئاگرەش لە ناو چوارچێوەیەکدا دەژی کە لە گڵ، یان لە قوڕ دروست کراوە، کە ئەم چوار ڕەگەزە سەرەکییەش پێکەوە دەتوانن پێکهاتەیەکی خاوەن شوناس پێک بهێنن، ئێستا ئاهورا واخۆی دەناسێنێت کە ئەویش لەم ڕەگەزانە پێکهاتووە و هەمان بنەماکانی پێکهاتنی مرۆڤی هەیە.

شاعیر قسە لەسەر مرۆڤ دەکات و وەها باسی دەکات کە بوویەکی تێکشکاوی پارچە پارچە بووە و بەردەوامیش لە گەڕاندایە بەدوای پارچەکانی خۆیدا، ڕاستییەکەی ئەمە وێنەیەکی بەرجەستەیی ڕاستی مرۆڤە لە مێژوودا، یان بەلایەنی کەمەوە لەم قۆناغەی ئێستادا کە گوشارەکانی تەکنۆلۆجیا و سەختی ژیان و هەژموونی ئەو سیستەمە سیاسی و ڕێبەرێتییەی کە مرۆڤی کردووەتە ئامرازێکی بەکارهێنراوی کەم بەها لەلایەک و لەلایەکی تریشەوە چارەنووسی نادیاری مرۆڤ لەم گەردوونەدا هۆکارن بۆ ئەوەی بەردەوام مرۆڤ بوویەکی پارچە پارچەبوو و تێکشکاو بێت و بەردەوام وەک کۆیلەی خەم و ئازار و ژان دەربکەوێت، لە لایەکی تریشەوە چارەنووسی نادیار بیخاتە بەردەم گەڕانی بەردەوام بە دوای دۆزینەوەی خۆیدا، یان بە دوای دۆزینەوەی ئاستۆی ڕزگاربوونداو لەو بارودۆخە ناهەمواردەی کە تێیدایە، بەڵێ مرۆڤ بوویەکی پارچە پارچەبووە و مرۆڤایەتی بێجگە لە چەمکێکی بێ گەوهەر، هیچی تر نییە، بەها و ئازادی و کەرامەتی مرۆڤیش لە لایەک مەحکومە بەدەستی ئەو دەسەڵاتانەوە کە خۆی دروستی کردوون، لەلایەکی تریشەوە مەحکومی ئەو چارەنووسە نادیارەیە کە لەم گەردوونەدا هەیەتی و بەرەو نادیار هەنگاو دەنێت، مرۆڤ بوویەکی بەڕێوەبراو و ئاراستەکراوە، ئەمەش هۆکاری شکاندن و پارچە پارچەبوونیەتی و ئەگەری یەکگرتنەوەشی چاوەڕوان نەکراوە، چونکە هەمیشە هۆکارەکانی پارچە پارچەبوون و تێکشکاندنی ئامادەن و لەو کاتەوە مرۆڤ گەیشتووەتە قۆناغی خۆناسین و هەست بەخۆکردن، مەحکومی تێکشکاندن و پارچە پارچەبوون و خاڵیبوونەوەیە لە بەهاکانی بوون و ئەم بارەش گۆڕانکاریی ئەوتۆی بەسەردا نایەت. ئەوەتا ئاهورا دەڵێت:

ئەی مرۆڤ تۆ چەند ماندووی،
زەمەنێکی زۆرە تۆ ونی لە کوێی،
ئاهورا گوتی کە مرۆڤ شکا
ئیدی هەرگیز یەکتر ناگرێتەوە.

شاعیر، یان قسەکەری شیعرەکە بەردەوام دەبێت لە گێڕانەوەی ئۆتۆبایۆگرافیای ئاهورا و باسی هەندێ ڕووداو دەکات کە ئاهورا لە شەوێکی تاریکدا بیری کەوتوونەتەوە. ئەو دەڵێت:

لە تاریکە شەوێکی زستاندا ئاهورا کەوتەوە یادی
مەرگی دارخۆخێکی سەوز و دایە پرمەی گریان
لەژێر ئەو دار خۆخە بوو خەوم بە خوداوە بینی
لەژێر ئەو دار خۆخە بوو چەپکێ نوورم چنی
لەژێر ئەو دار خۆخە بوو قومێ ئاوی عیشقم خواردەوە
دەستی مرۆڤ بوو چووە خوێنی خودا.

ئاهورا لە یادەوەرییەکانیدا باسی ئەوە دەکات کە لەژێر دارقۆخێکدا ئەم چەپکێ نووری چنیوە و قومێ ئاوی عیشقی خواردووەتەوە، هەر ئەو کاتە دەستی مرۆڤ چووەتە خوێنی خودا، ئاهورا وەک خودای چاکە لە ئایینی زەردەشتیدا کە ئایینی ڕووناکی و تیشک و خۆرە، ئێستا نوور دەچنێت و هاوکات ئاوی عیشق دەخواتەوە، ئایا ئەوەی ئاوی عیشق دەخواتەوە و نوور دەچنێت ئاهورایە، یان ئێمەی مرۆڤین، یان شاعیرە؟ دەشێ پێگەی ئاهورا وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە و ئەو کەسێتییەی لەژێر

ناوی ئاهورادا دەدوێت، کەسێتی شاعیر بێت، ئەم کەسێتییە خەون بە خوداوە دەبینێت و دەگری بۆ مەرگی دارخۆخێک، بەڵام هەر ئەو کاتە دەستی مرۆڤ دەچێتە خوێنی خودا، ئەمەش ئاماژەیە بۆ کوشتن، ئایا کەی و چۆن مرۆڤ کودەتای کوشتنی خودا بەرپا دەکات؟ ئایا ئەو جیهانبینییە چییە لە پشتی خستنەڕوویەکی لەم جۆرەدا هەیە؟ ڕەنگە ئەو بابەتی کوشتنەش لە دوو ڕووەوە لێک بدرێتەوە، کوشتنێکی واقیعی و کوشتنێکی مەجازی، نیتشە ڕایگەیاند: خودا مرد و ئێمە کوشتمان، بێ گومان ئەو ڕوانینە فەلسەفییەی لە پشتی دەربڕینەکەی نیتشەوەیە، ئەوەیە کاتێ مرۆڤ دەبێتە خاوەنی شوناسی ڕاستەقینەی خۆی و لەسەر پێی خۆی ڕادەوەستێت و دەبێتە بوونەکی تەواو، چیتر ناتوانێت لەبەردەمی هیچ هێزێکدا بچەمێتەوە، مانای وایە بوونی خودا بە گوێرەی کەسێکی لەم جۆرە تەواو بووە و هیچ مانایەکی نەماوە کە ئەوەش قۆناغی کۆتاییهاتنی خودایە، واتە ئەو ساتەیە کە نیتشە دەڵێت خودا مرد، چونکە ڕاستییەکەی ئەوەی بوون و ئامادەبوونی خودا بەرجەستە دەکات، ڕوانین و بیرکردنەوە و هەستکردن و ترسی کەسەکان و گەڕانیانە بەدوای هێزێکدا کە دڵنیاییان پێ بسپێرێت، بەڵام کاتێک کە مرۆڤ لە خودی خۆیدا لەو ترس و دڵەڕاوکێ و نیگەرانییە ڕزگاری دەبێت و دەگاتە ئەو ئاستەی کە لە هەموو شتێکدا سەیری خۆی بکات و لە هەموو شتێکدا خۆی بڕیار بۆ خۆی بدات، ئیتر پێویستی بە هێزێک نابێت پشتی پێ ببەستێت، ئەمەش ئەو قۆناغەیە کە مرۆڤ دەبێتە خاوەنی بوونی خۆی و دەبێت بە خۆی، ئەمەش قۆناغی پێگەیشتنی مرۆڤ و بوون بە خاوەنی خۆی و گەردوونە، ئەوەش ئەو قۆناغەیە کە تێیدا نیتشە دەڵێت خودا مرد و ئێمە بەهۆی پێگەیشتنمانەوە کوشتمان، ئاهورا کاتێ دەگاتە ئاستی چنینی نوور و خواردنەوەی ئاوی عیشق، دەگاتە ئاستێک کە بوێری ئەوەی هەبێت سەیری ئەوە بکات، یان ببینێت چۆن مرۆڤ دەستی بە خوێنی خودا سوور دەبێت، واتە ئاهورا دەبێتە شاهید بەسەر ڕووداوی کوشتنی خوداوە لەلایەن مرۆڤەوە کە ئەوەش هاوکات مانای گەیشتنی مرۆڤە بە قۆناغی بوون بەخاوەنی خۆی و لەوێشەوە بوون بە خاوەنی گەردوون، ئەویش لەو ساتەوە دەست پێ دەکات کە مرۆڤ کۆتایی دەسەلاتی خواوەند بەسەر گەردووندا ڕادەگەیەنێت و نەک هەر نوێنەرایەتی خودا دەکات لەسەر زەوی، بەڵکو ئەو نوێنەرایەتییەش ڕەت دەکاتەوە و خۆی دەبێتە خاوەنی زەوی و گەردوونیش، لەبارێکی وەهاشدا بوونی هەر هێز و دەسەلاتێک لەسەرووی بوون و هێزی مرۆڤەوە ڕەت دەکاتەوە.

کاتێ دەستی مرۆڤ چووە خوێنی خودا، ئەوی قسەکەری شیعرەکە لەو کاتەدا ڕێنومایی ئاهورا دەکات بۆ ئەوەی خوایانە ڕەفتار بکات کە دیارە ڕەفتاری خوایانە بریتییە لە بەخشین. لێرەدا ئامۆژگاری ئاهورا دەکات لە نووری ڕوحی خۆی ببەخشێتە خاک و بەشێک لە بریسکەی خۆی ببەخشێت بە ڕوحی ئێمە، داوای زۆر شت لە ئاهورا دەکرێت، ئەم داواکردنانەش دوای ئەوە دێت کە مرۆڤ دەستی چووە خوێنی خودا، کەواتە لێرەدا ئەوە ئاشکرا دەبێت لە دوای ئەوەش کە مرۆڤ دەستی چووە خوێنی خودا و بە واتایەکی تر کوشتنی خودای ڕاگەیاند، قسەکەری شیعرەکە پێیوایە ئێمە پێویستمان بە خودایە و ناشێت مرۆڤ بێ خودا بێت، ناشێت نە ڕوحی مرۆڤ و نە خاک و نە هیچ شتێک بێ نووری خودا ڕووناک ببنەوە، یان ببریسکێنەوە، واتە لێرەوە و لە دوای مەرگی خودا مرۆڤ پێویستی بە خودایەکی تر، شاعیر کە دەشێ خۆی قسەکەری شیعرەکە بێت، ڕێنومایی ئاهورا دەکات، یان بە ناوی ژیانەوە، واتە بە ناوی مرۆڤ و هەموو بوونەوەرانەوە داوای لێ دەکات بێت و خودایی خۆی بۆ هەمووان نیشان بدات، چونکە ئەو پێیوایە ژیان بەبێ بوونی خودا نابێت، کەواتە لێرەدا شاعیر ڕیزبەندییەک بۆ سەردەم و توانایی و دەسەلاتی خودا دیاری دەکات، ئاهورا خودایەکە لەسەروەختی تەنگژەیەکدا کە دروستبووی دوای سووربوونی دەستی مرۆڤ بە خوێنی خودا سەرهەڵدەدات، داوای لێ دەکرێت بێت و فریای ژیان بکەوێت، ئەمەش ئەو دەلالەتە هەڵدەگرێت کە ژیان بەبێ خودا بوونی نییە، یان خودا ئەو فریادڕەس و پاڕێزەر و ڕزگارکەرەیە کە هەمیشە و لە هەموو کات و شوێنێکدا پێویستێتی، تەنانەت ئەگەر ئەو خودایە دروستکراوی دەستی مرۆڤ خۆیشی بێت.

دوای ئەوەی ئاهورا دێت و بە فریای ژیان دەکەوێت، پەیامی خۆی بە گوێی مرۆڤدا دەدات و ڕێنومایی دەکات کە پێویستە مرۆڤ چی بکات بۆ ئەوەی لەو هەموو تەنگژە و بەدبەختییە ڕزگاری بێت کە لە چوارچێوەی ئەم دەقەدا بە شێوازی جۆراوجۆر و لە وێنە و دەربڕینی جۆراوجۆردا گوزارشتیان لێ دەکرێت. ئاهورا دەڵێت:

ئاگر لەناو دڵ دامەگیرسێنە، دڵ جێی ئەوینە،

لەبەر بادا ڕازی خۆت هەڵمەخە شارەو شار دەڕوا،
بەدیار کتێبەکانەوە مەوەستە
بیانکەوە با گەوهەرە دیلەکان ڕەها بن،
کە شیعری جوانت خوێندەوە
ئەوسا دەزانی عەشق چی لە دڵی شاعیر کردووە،
ئاهورا گوتی ئاهورا.

ئامۆژگارییەکانی ئاهورا بۆ ئەوەیە مرۆڤ لەو بارە ناهەموار و نادروستەی تێیدایە بگوازێتەوە بۆ بارێکی باشتر کە پێیوایە دەبێ دڵ تەرخان بکرێت بۆ ئەوین، بۆ سۆز و خۆشەویستی، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت تا مرۆڤ ناخی لە خڵتە و پیسییەکانی ڕق و کینە و غیرە خاوێن نەکاتەوە و تا ئاگری تۆڵە و هەموو خاسیەتە دزێوەکان لە ناخیدا نەسڕێتەوە، ناتوانێت بحەوێتەوەو ئارام ناگرێت، هەروەک داوا لە مرۆڤ دەکات ڕاز و نهێنییەکانی بپارێزێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ئاهورا بڕوای وایە کە ڕازەکانی مرۆڤ تایبەتی و کەسین و ناشێت بەهەموو لایەکدا بڵاوبکرێنەوە، هەروەک ئاهورا پێیوایە ئەوەی مرۆڤ بۆ ژیانێکی پڕ بەها و شایان بە خودی خۆی پێویستە بیزانێت لە ناو کتێبەکاندان، ئەگەر مرۆڤ دەیەوێت ڕێگای ئەو ژیانە بدۆزێتەوە، ئەوە پێویستە بگەڕێتەوە بۆ ناو کتێبەکان و ئەو زانیاری و ڕێنماییە پڕ بەها و گرنگانە بدۆزێتەوە و ئاشکرایان بکات کە پێوەندییان بە ژیانەوە هەیەو دەشێ ببنە بەرنامەی ژیانێکی پڕ لە سەروەری، دوای ئەوە ئاهورا باسی شیعری جوان دەکات، هەروەک ئاماژەش بۆ ئەوە دەکات کە شیعری جوان لە عیشقەوە بەرهەم دێت، ئەویش عیشق بە مانا گشتییەکەی، ئەو عیشقەی کە کاریگەری لە دڵی شاعیر دەکات و دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی جوانترین شیعر.

وەک دەبینرێت ئەم دەقە شیعرییەی کەریم دەشتی بە باسی شیعری جوان کۆتایی دێت و وەسفی شیعری جوانیش لێرەدا لەلایەن ئاهوراوە دەکرێت نەک لە لایەن کەسێکی تروە، لێرەدا دوو لێکدانەوە یەک دەگرنەوە، یەکەمیان ئامۆژگارییەکانی شاعیر، یان قسەکەری شیعرەکە بۆ ئاهورا بۆ ئەوەی لە دوای ئەوەی کە مرۆڤ دەستی دەچێتە خوێنی خودا، ئەو وەک خودایەک بە فریا بکەوێت و گەوهەرێ لە ڕوحی خۆی ببەخشێت بەخاک بۆ ئەوەی بژێتەوە، بریسەکەیەکیش ببەخشێتە ڕوحی ئێمەی مرۆڤ بۆ ئەوەی ڕوحمان زیندوو ببێتەوە و سەرکەش و خاوێن و بریسکاوە بێت، بۆ ئەوەی ژیان لە فۆرمێکی تر و لە شێوەیەکی تردا بەردەوام بێت، فۆرم و شێوەیەک باشتر بێت لەو فۆرم و شێوەی کاتی بەرهەمهێنانی دەقەکە هەبووە. دووەمیان شاعیر داوا لە ئاهورا دەکات جریوەیەک لە زمانی ببەخشێتە دڵی مرۆڤ بۆ ئەوەی مرۆڤ بۆ ئەمەو دوا خاوەنی ڕوح و دڵی زیندوو بێت، ڕوحێک لە خاوێنی و سەرکەشی و زیندوویی، دڵێک، یان جەستەیەک لە هێز و حەز و ئارەزووی ژیاندۆستی، ئەگەر مرۆڤ بوو بە خاوەنی ڕوحێکی لەم جۆرە و دڵێکی لەم شێوەیە، ئەوە سەرەتایەک بۆ جۆرێکی تر لە ژیانی مرۆڤ دەست پێ دەکات، واتە قۆناغێک کە تێیدا مرۆڤ بەدبەختی و کوێرەوەرییەکانی ڕابوردوو بەجێ دەهێڵێت، سەرەتای ئەو قۆناغەش لەو ساتەوە دەست پێ دەکات کە مرۆڤ دەستی دەچێتە خوێنی خودا، واتە ئەمەش لەوساتەوە دەست پێ دەکات کە مرۆڤ دەبێتە خۆی و خاوەنی ڕاستەقینەی خۆی. کردنی ئاهورا بە ڕەگەزێکی سەرەکی بنیادنانی ئەم دەقە شیعرییە و سەرئەنجامیش دەرخستنی ئاهورا وەک نوور، یان خودایەک کە بە فریای مرۆڤ و مرۆڤایەتی بکەوێت، لە کاتێکدا کە ئاهورا خۆی دەڵێت ئەو خودایەک نییە کەسی بۆ دروست بکرێت.

هەروەک لە جوگرافیای دەقەکەدا لە بری ئەوەی ئاهورا وەک خواوەندێک پێشکەش بکرێت، وەک مرۆڤێک پێشکەش دەکرێت. ئێستا کۆتایی دەقە شیعرییەکە بەوە دێت کە مرۆڤ و ئەم خواوەندە لەسەر زەوین و هەریەکە خاوەنی بوون و شوناسی خۆیەتی و ئەرکی ئەم خواوەندەش بەرانبەر بە مرۆڤەکان ئەوەیە کە لە بریسکەی ڕوحی خۆی ببەخشێت بە مرۆڤ بەو مەبەستەی مرۆڤ ببێت بە هەڵگری بەشێک لە خاسیەتەکانی خواوەند بۆ ئەوەی خودایانە ڕەفتار بکات و دەستبەرداری بەها نزمەکان و ڕەفتارە بچووکەکان ببێت و بەهای گەورە دەستەبەر بکات و ڕەفتاری بەرز بکات، چونکە ئەو بەرزترین و بەهادارترینە لە گەردووندا، لێرەوە جیهانبینی گشتی ئەم دەقەی کەریم دەشتی دەردەکەوێت کە بانگەشە بۆ جۆرێک لە هیومانیزم دەکات، هیومانیزمێک کە مرۆڤ خۆی ناوەندە و هەرخۆیشی بابەتە و هەموو شتەکانی تر بەدەوری ئەوەوەن و سەرئەنجام دەبێ لە خزمەتی ئەودا بن.